

# خەڵات قەدەغە کرا

باهۆز مستەفا

دوو کاتژمێر دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمی خەڵات بەخشین، پۆلیس بە ناو هۆڵی بۆنەکان و دەوروبەری بڵاوبووەوە، خاوەن هۆڵ و سەرۆکی دەزگای خەڵات و دیزاینەری خەڵاتەکەی دەستگیر کرد، هەروەها ئەوەی پێشکەشی کرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەش کە لە دابەشکردنی خەڵاتەکە بەشداربوون بانگهێشتی دادگا کران.

بەڕێوەبەری کولتووری شار کە پێشنیازی ئەو نووسەرەی کردبوو، ئەویش ڕاپێچ کرا.

نووسەری دیار و ناسراوی شار لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەژێر نەشتەرگەری بوو، دنیایەک خەڵک لە بەردەم ژووری نەشتەرگەری و پێش دەرگای نەخۆشخانە بۆ بیستنی هەواڵێک وەستابوون.

ژنی نووسەری گەورە، دوای ئەوەی وتەی خۆی بە پۆلیس دابوو، بە دەستی بە خوێنەوە قسەکانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دووبارە دەکردەوە.

دادوەرێکی باڵا بەرز، بەخێرایی هاتە ژوورەوە، دوو دادوەریش کە لە خۆی کورتتر و پیرتر بوون، دوای کەوتبوون، لەناوەڕاستی مێزەکە وەستا و دوو دادوەرەکەش هەریەکە چوونە لای ڕاست و چەپی دانیشتن.

**دادوەر:** باشە ئێوە چۆن دڵتان دێ وا لە خانەوادەیەک بکەن، کە پەنجا ساڵ زیاتر خزمەتی کولتوور و زمانی ئەو نەتەوە ماندوو و بێکەسە دەکات، کەستان نەدۆزییەوە ئەو پیاوە نەبێ، ئەوە

عەللامەیە عەلامە.

یەکێک لە داواکراوەکان گوتی: گەورەم هەڵەیەک لەو بابەتەدا هەیە، ئێمە کەسانی دیاری ئەو شارەین، نازانم بۆ بانگ کراوین، پێوەندیمان بەهیچ ڕووداو و کێشەیەکەوە نییە!

**دادوەر:** هههە جوانە، هەروا بە سادەیی، جەنابی نازانم ناوی چیت لێ بنێم، پێتوایە ئێمە لەخۆڕا داوای خەڵک بۆ دادگا دەکەین؟ کارێکی ئەوەندە خراپت نەکردییە کەس بزانی!

بەڕێوەبەری کولتووری شار دەستی بەرزکردەوە: گەورەم، نازانم ئێوە من دەناسن، یان نا، بەڵام جەنابت باش دەناسم، پیاوێکی یەکسان و ڕاستگۆی لە بڕیار و فەرمانەکانتدا، بەڵام ئەمڕۆ تێ نەگەیشتنێک هەیە، دەنا مامۆستا و هونەرمەندێکی وەک من لێرە بەو شەوە چ دەکات، خەڵک بزانێ پیاو حەیاشی دەچی؟

کە دادوەر گوتی مامۆستا باش دەتناسم.

مامۆستا تۆزێک گەشایەوە و هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا.

هەر بۆیەش بانگی هەمووتانم کردووە مامۆستا، چونکە دەمەوێت مافی ئەو نووسەرە گەورەیە و خانەوادەکەی بەفیڕۆ نەڕوات و کەس نەتوانێ غەدر لە کەس بکات!

هەموو داواکراوەکان بە سەرسوڕمانییەوە سەیری یەکتریان کرد. خۆتان پێ شارەزا و ڕۆشنبیر نەبێ، زۆرجار هەڵەکانی ئێوە گەورەترە لە هەڵەی نەزانێک، بە تایبەتی لەم جۆرە دۆسیانە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانم چاوپۆشی، یان کارئاسانیتان بۆ بکەم، چونکە ژنەکەی بە ڕوونی هەموو شتێکی دەربارەی ئەو ڕووداوە خستووەتەڕوو، ئیتر ئەوە ناشاردرێتەوە، بۆ ئەو بابەتە قسەم لەگەڵ والی شاریش کردووە، گوتی بڕیار لای یاساناس و دادگەیە، خۆشبەختانە من هەموو بەرهەمەکانی ئەو پیاوەم خوێندووەتەوە، جگە لە ئیستێتیکا و زمانێکی جوان و پاراو، هیچی دیکەی نەنووسییە، هەروەها جگە لە کاری باش و خزمەتی کولتوور، شتێکی دیکەی نەکردییە! بۆ واتان لەو پیاوە کرد.

بەڕێوەبەری دەزگای خەڵات، دەستی بەرزکردەوە و هەڵسایە سەر پێ: جەنابی حاکم ئێوە گەورەن، بەڵام تا ئێستا ئێمە نازانین بۆچی بانگ کراوین و چیمان کردییە، ئەو هەموو ڕۆشنبیرەت لێرە خڕکردیتەوە، خۆ زەلاممان نەکوشتییە؟

**دادوەر پێکەنی:** جەنابی بەڕێوەبەر، دیارە پێتوایە ئێمە بۆ گاڵتە ئەو هەموو پۆلیس و کارمەندەمان بە دواتان ناردووە، ڕەنگە فشەت بە ئیشی ئێمە بێ؟

باشە پێش ئەوەی بڕیارەکە بخوێنمەوە، دوو پرسیارتان لێ دەکەم: مامۆستا (ع.ج.ج)ی دەناسن؟ هەموو بە یەکەوە بەڵێ ئەی چۆن، ئەمڕۆ خەڵاتمان کرد.

ئەی خێزانی مامۆستا (ع.ج.ج) دەناسن وا نییە؟

بەڵێ بەڵێ.

کەواتە ئێوە هەمووتان بەشداربوون لە بەخشینی ئەو خەڵاتە بە مامۆستا؟

هەموویان بەیەکەوە: بەڵێ.

زۆرباشە، بە پێی ئەم ڕاپۆرتەی کە لەلایەن پۆلیس بۆمان هاتووە، وتەی خێزانی مامۆستا (ع.ج.ج)ـە لەگەڵ وتەی کچەکەی، بەڵام مامۆستا خۆی بە هۆی سەختی برینەکانی نەیتوانیوە وتە پێشکەش بکات.

هەروەها ئێوە ئەو خێزانە دەناسن کە ئەمڕۆ خەڵاتتان کردووە.

**ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پۆلیس، وتەی کارمەندان:**

مامۆستا کاتژمێر پێنج و نیو عەلاگەیەکی

قورسـی بەدەسـتەوە بـوو، زۆر هیـلاک و مانـدوو ڕۆیشـتە دەرەوەی هۆڵەکـە.

پاسـەوانی بـەر دەرگا: مامۆسـتا کاتژمێـر پێنـچ و سـی و پێنـچ خولـەک سـواری تاکسـی بـوو.

**ژنەکـەی:** کاتژمێـر شـەش لـە دەرگا درا، دەرگام کـردەوە پیاوەکـەم بـوو، زۆر بێتاقـەت دیـار بـوو، گوتـم چـی بـووە؟ گوتـی هیـچ نییـە، کەمێـک لـەو هەراوهۆریایـەی خـەڵات و مەڵاتـە هیـلاک بـووم، بـەس دەڵێـم خـوا بیانگـرێ بـەلاش خەڵکـی لـۆ مانـوو دەکـەن. دەچـم ئـەو شووشـەی لـە ژووری سـەرەوە دادەنێـم و دێمەخـوارێ. چووینـە ژوورێ، تـا بـەردەم قادرمەکـە، پیاوەکـە هـەر خەریکـی کردنـەوەی عەلاگەکـە بـوو، سـەرکەوتە سـەرێ، وەختـەک لەگـەڵ دەنگـی شـکانی شووشـە ئـاوڕم دایـەوە، دەبینـم پیاوەکـەم بـە تەقلـە لـە قادرمـەی دێتەخـوارێ، هـەر ئەوەنـدەم زانـی یـەک دوو پارچـە شووشـەم بـە دەسـت و پەنجـەکان کـەوت، پیاوەکەشـم هەمـوو لەشـی خوێـن بـوو، بەسـەر شووشـەکان بەربووبـووە، لـەو کاتـەدا گوێـم لـێ بـوو پیاوەکـەم دەیگـوت: بـرێ ئـەو شووشـە حیـزە چ بـوو! قـوڕی بەسـەرم کـرد.

**کچەی مامۆستا:** کـە دایکـم قیـژەی لـێ هەسـتا، غـارم دا کچـە یـەک ساڵانەکەشـم لـە بـاوەش بـوو، هـەر کـە گەیشـتمە لایـان، پارچـە شووشـەیەکی ئەسـتوور لـە بنـی پێم ڕاچـوو، یەکسـەر بەربوومەوە، کچکـەم لەدەسـت بەربـووەوە.

مامۆسـتا (ع.ج.ج) هـەردوو دەسـت و قاچێکـی شـکاوە و دەموچـاوی بـە سـەختی برینداربـووە.

ژنـی مامۆسـتا، هـەردوو دەسـت و پەنجەکانـی برینـدار بـووە.

کچـی مامۆسـتا دەمـاری سـەرەکی پێـی ڕاسـتەی برینـدار بـووە و تووشـی خوێنبەربـوون بـووە.

نـەوە یـەک سـاڵانەکەی مامۆسـتا دەسـتی چەپـی شکاوە.

بەپێـی یاسـا ئێـوە هـۆکاری ڕوودانـی ئـەو کارەسـاتەن، چونکـە خەڵاتێکـی شووشـەی عـادی بێ بەهاتان داوەتە مامۆستا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنـی مەترسـی ئـەو شووشـەیە.

بۆیـە بڕیارمـان دا کـە هـەر یەکەتـان بـە پێـی پلـە و کارەکـەی بەرپرسـیارەتی هەڵدەگرێـت: بەڕێوەبـەری کولتـووری بـە پێنـچ ملیـۆن دینـاری عێـراق و سـێ ڕۆژ زینـدان سـزا درا، تـا دەرەنجامی پشـکنینەکانی مامۆسـتا دەردەچـن، بـە کەفالـەت ئـازاد دەکرێـت.

بەڕێوەبـەری دەزگا بـە پێنـچ ملیـۆن و سـێ ڕۆژ زینـدان تـا دەرچوونـی دەرەنجانـی پشـکنین، بـە هەمـان شـێوەی بڕگـەی سـەرەوە.

ئەوانـەی دیکـە لەبـەر ئـەوەی بڕیـاردەر نیـن، تەنیـا بەشـدارن، بۆیـە سـزاکەیان سـووکترە هـەر یەکەیـان بـە سـەد و پەنجا هـەزار دینـار و پڕکردنـەوەی بەڵێننامـە کـە جارێکـی دیکـە ئـەو کارە دووبـارە ناکەنـەوە، هەروەهـا لەمـەودوا بەخشـینی خەڵاتـی شووشـە قەدەغـە دەکرێـت.